جامی ئەفریقا.. هەڵبژاردەی نەیجیریا لە ئەنگۆلای بردەوە و گەیشتە یاری پێش کۆتایی

جامی ئەفریقا هەڵبژاردەی نەیجیریا بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ وەڵام لە ئەنگۆلای بردەوە و گەیشتە یاری پێش کۆتایی.

لە یارییەکانی قۆناغی چارەکی کۆتایی جامی ئەفریقا نەیجیریا و ئەنگۆلا بەیەکگەیشتن.

تایمی یەکەم، هەردوولا بە هێرشبردن دەستیان بە یارییەکە کرد و لە فشارەکان بۆ سەر گۆڵی یەکتر بەردەوامبوون، تا لە خولەکی 41 ئەدیمولا لوکمان گۆڵی پێشکەوتنی نەیجیرییەکانی تۆمارکرد و ئەو تایمە بەو ئەنجامە کۆتایی هات.

لە تایمی دووەمدا، نەیجیریا پارێزگاری لە گۆڵەکەی کردوو بە هێرشی هەڵگەڕاوە یاریدەکرد، تا

کۆتاییش یارییەکە بەو تاکە گۆڵەی لوکمان مایەوە.

سەرەنجام نەیجیریا بە گۆڵێکی بێ وەڵام یارییەکەی بردەوە و ئەنگۆلای دوورخستەوە لە پاڵەوانێتیەکە، خۆشی سەرکەوت بۆ یاری پێش کۆتایی.